# لێدانی ئێران و دابەشکردنی عێراق لە راگەیاندنەکانی ئەمریکادا

ن / محەمەد ئەلجەوهەری

و/ محەمەدی مشیر

دوابەدوای راگەیاندنی پرۆژەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا سەبارەت بە دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ و لێدوان و ئاماژەکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە لە مەڕ ئەگەری وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە ئێران، هەردوو دۆسێ بوونە جێ باس و لێکۆڵینەوەی ئەم هەفتەیەی راگەیاندنەکانی ئەمریکا و بایەخی زۆریان پێدرا.

**پێنتاگۆن و ئەگەرەکانی لێدانی ئێران:-**

بەرنامەی رووی ئوممەت( THE NATION FACE)کەبۆب شیفر لە سەر تۆڕی CBS پێشکەشی دەکات، بەمەبەستی ئاخاوتن لەبارەی ئەو بابەت و راپۆرتانەی لەم دواییانەدا لە راگەیاندنەکاندا بلاوکراونەتەوە و باس لە هەوڵەکانی جۆرج بوش دەکەن کە داوای لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا(پێنتاگۆن)کردووە پلانە سەربازییەکانی خۆی نوێ بکاتەوە وەك ئامادەسازیەك بۆ وەشاندنی گورزێکی سەربازی لەدژی ئێران، میوانداری بیل ریتشاردسۆنی کرد کە پاڵێوراوی دیموکراتەکانە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی.

ریتشاردسون سەرەتا وتی بڕیاری وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە دژ ئێران ئاکامی کارەساتاوی دەبێت بۆ ئەمریکا و دووپاتی کردەوە کە هیچ ژیرییەك لەوەدا نییە ئیدارەی ئەمریکا دەست بە شەڕێك بکات لەکاتێکدا هێشتا جەنگی دراماتیکی عێراق کۆتایی نەهاتووە. کەچی شیفر ئاماژەی بەوە کرد کە ئیدارەی ئەمریکا ئێران تۆمەتباردەکات بەوەی هەوڵدەدات تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بەدەست بهێنێت و چەکی ناووکی لێبسازێ، بەلام ئێران رایگەیاندووە کە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە ئەو هەوڵەدەدات . هەروەها ئەوەشی گوت کە **ئەو پلانەی پینتاگۆن دەیەوێ ئاڵوگۆڕی تێدا بکات و پێشبینیەکان (بەپێی راپۆرتەکانی راگەیاندن ) تەنها مەبەستی پێکانی دامەزراوە ناووکییەکان و سەربازییەکان و ژێرخانە بنەڕەتییەکانی ئێران نییە کەجێی گومانن بەڵکو ئەو بنکانەش دەگرێتەوە کە ئەمریکا پێیوایە بنکەی راهێنانی تیرۆریستانن و شوێنی دزەکردنی چەکن بۆ نێو خاکی عێراق.**

لەلایەکی دیکەدا راپۆرتەکان هاوکاتی راگەیاندنی ئەو پرۆژەیە یاسایە ناپەیوەستراوە بوون کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا مەبەستی بوو بە هۆیەوە سەرۆك بۆش هانبدات رایبگەیەنێ کە گاردی شۆڕشگێڕی ئێران رێکخراوێکی تیرۆریستییە، سەرباری داواکردنی سەپاندنی سزای ئابووری زیاتر بە سەر ئێراندا.

دێیفید هێرزینهۆرن David M. Herszenhorn راپۆرتێکی پێشکەش بە نیویۆرك تایمزNew York Times کردووە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش کردووە داوا لە سەرۆك بۆش دەکات گاردی شۆڕشگێڕی ئێران بە رێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم بدات، هێرزینهۆرن ئاماژەی بەوەشداوە کە ماوەی مانگێکە ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێ رێبژارییەك بکات لە نێوان ئەوەی کە ئایا سەرجەم رێکخراوی ناوبراو بە تیرۆریست لە قەڵەم بدات یاخود بڕیارەکە بە تەنها سەرانی هێزی قودس بگرێتەوە. دواتر ناوبراو لەو باوەڕەدایە کە بڕیارەکە هەرچی بێت ئەوا گوزارە لە پتربوونی بارگرژی نێوان ئەمریکا و ئێران دەکات لەم دواییەدا.

**عێراق لە نێوان هەرەس و دابەشکردندا:-**

هەندێ لە کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەمریکا بەچڕی باس لەو بڕیارە ناپەیوەستراوەی کۆنگرێسی ئەمریکا دەکەن سەبارەت بەو پرۆژەیەی پێشنیاردەکات عێراق دابەشی سەر سێ قەوارە بکرێت وەك هەوڵێك لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە بۆ دەربازبوون لە ئاستەنگی عێراق. لەمبارەیەوە واشنتۆن پۆست Washington Post لە راپۆرتێکی شایلاج موورای Shailagh Murray بایەخی بەو پلانە داوە کە تێیدا هاتووە ئەو پرۆژە یاسایە لە لایەن لێژنەی کاروباری دەرەکی تایبەت بە کۆنگرێس بە سەرۆکایەتی سیناتۆری دیموکرات (جۆزیف بایدن ) پێشکەش کراوە و سەرۆك بۆش پابەند ناکات بەهیچ هەنگاوێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی یاسایەکە بڕیاری لێداوە. موورای Murray دەچێتە سەر ناوەڕۆکی پلانەکەو سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێت کە پلانەکە پێکهێنانی سیستەمێکی فیدراڵی لە عێراقدا دەگرێتە خۆ کە لە سێ قەوارە پێکهاتووە یەکەمیان شیعەیەو دووەمیان سوننە و سێیەمیشیان قەوارەی کوردانە و، پرانسیپی گەوهەریش کە پلانەکە متمانەی دەکاتە سەر ئەوەیە کە عێراقییەکان ناتوانن ئێستاکە لە رێگەی حکومەتێکی ناوەندییەوە حوکمڕانی خۆیان بکەن. هەروەها مورای ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم دابەشکردنە لە دەستووری عێراقیشدا بوونی هەیە، بەلام خاڵی تازە لە پلانەکەی (بایدن) دا هەوڵێکە بۆ ئامادەسازی و یەکخستنی دیپلۆماتیکیانەی ناوخۆ و هەرێمایەتی لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

لەلایەکی دیکەدا تۆڕی CNN لە راپۆرتێکیدا بایەخی بە کاردانەوەکان داوە سەبارەت بە هەمان پلانەکەی کۆنگرێس و لە لایەن خۆشیەوە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق خۆی لە بابەتەکە دزیوەتەوە و جەختیکردۆتەوە کە هەر هەوڵێك بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ قەوارە حاڵەتێکی

نائاسایی دروست دەکا لە نائارامی و دەبێتە مایەی ناخۆشی زیاتر بۆ گەلی عێراق، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام ئەو جۆرە هەولانە رەتدەکاتەوە و ئێستاکە هەوڵی دابەشکردن لە ئارادا نییە. سەبارەت بە کاردانەوەی حکومەتی عێراقیش راپۆرتەکە تیشکی خستۆتە سەر لێدوانەکانی هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق، کە تایبەت بووە بە بەرنامەی **Late Edition** و تێیدا زێباری جەختیکردۆتەوە کە ئەم پلانە ئاژاوەی لە ناو کۆمەلگەی سیاسی عێراق دروستکردووە و هێزە سەرەکییەکانی عێراق بە هەرەشەی دەزانن بۆ سەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق. لە لایەکی دیکەدا زێباری روونیکردۆتەوە" ئەگەرچی ئەم رێبژارییە(خیار) لە دەستووری عێراقدا هەیە بەلاَم هیچ ئایدیایەکی عێراقی نییە لەبارەی پارچەکردنی عێراق یان دابەشکردنی بۆ سێ دەولەتۆچکەی بێتوانا کە ناتوانن بەردەوام بن". هەروەها زێباری داوای لە کۆمکاری عەرەبی کردووە ئیدانەی ئەم پلانە بکەن و جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بکەنەوە . لە لایەکی دیکەدا **راپۆرتەکەی سی ئێن ئێن ئاماژەی بەوەداوە کە دەستووری عێراق لە ساڵی 2005 دا لە لایەن دەنگدەرانەوە بڕیاری لە سەر دراوە و هەندێ مادده و بڕگەی تێدایە بانگەشەی دروستکردنی قەوارەی فیدراڵی دەکەن لە عێراقدا هەوەکو هەرێمی کوردستان، بەلاَم پەرلەمانی عێراق شکستی هێناوە لەوەی ئەو ماددانە کارا بکات و بیانخاتە واری جێبەجێکردنەوە.**